## دیدار لەگەڵ هونەرمەند نایف شێخانی ... سازدانی هەڵکەوت زاهیر



نایف شێخانی هونەرمەندێکی دەرکەوتووەو توانویەتی لەبوارەکەیدا زیرەکانە خۆی بسەپێنێ هەر لەبواری ئاوازدانان و موزیک ژەنیدا، هەر بۆیە حەزمانکرد ئەم دیدارەی لەگەڵدا بسازێنین.

هەڵکەوت: دەتوانین کورتەیەک لە ژیانتان بزانین لەگەڵ چۆنییەتی سەرەتای دەستپێکردنی هونەریتان؟
وەڵام: لە ساڵی 1965 لە شاری هەولێر لەدایک بووم، دەرچووی زانکۆی بەغداد (ساڵی 1991 ـ 1992) بکالۆریۆسم لە زمانی عەرەبیدا هەیە، وەک ئارەزوو لە سەرەتای ساڵی 1992 بە پراکتیکی ئامێری "عود" دەژەنم، بەر لەوەش خولی (3) مانگی تیۆرەکانی مۆسیقام لە لای مامۆستایانی موزیکژەن وریا ئەحمەد، جان تۆماس خوێندووە. بۆ ئەم هونەرمەندانەش ئاواز و گۆرانیم ئامادە کردووە وەک؛ هاوتا ئەسعەد، کامەران عەبدولڕەحمان، تریفە ئەحمەد، هۆزان دەروێش و چەندانی تر، ئێستاش ئەندامی تیپی موزیکی سەتەلایتی کوردستانم.

هە ڵکەوت: ئەمڕۆی مۆسیقا و گۆرانی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟
وەڵام: لە هەموو بوارەکانی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا، خەریکە توانای نوێ و خوێندنەوەی زانستی وبابەتیانە گۆڕەپانەکە ئاوەدان دەکەنەوە کە مایەی دڵخۆشی و ئاییندەیەکی گەشاوەترە.

هەڵکەوت: چالاکی هونەری لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟
وەڵام: لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرهەم و کاری هونەری بەپێز و جوان هەیە، هێشتا تێنەگەیشتن و دواکەوتوویی و نەشارەزایی لەوەستان نەکەوتووە.

هەڵکەوت: چالاکییەکانی تاراوگە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟
وەڵام: بە لەبەرچاوگرتنی کولتوور و زەمینەی تایبەتی تاراوگە و ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە خودی هونەرمەندانی تاراوگە پێوەی دەناڵێنن، ئەو هەوڵە دڵسۆزانەی کە بە لەخۆبردوویی و ماندووبوونی خودی هونەرمەندان دەدرێن، دەکرێت بڵێین کاری جوان کراوە لەپاڵ دەیان کاری ئاست نزمدا لە رووی ئاواز و ئامادەکردن و چڕیندا.

هەڵکەوت: بۆ ئەوەی ئاستی هونەری کوردی بگاتە ئاستی هونەری جیهانی، چی بکرێت باشە؟

وەڵام: گرنگیدان بە بوارەکانی تیۆری و پراکتیکی لە پەیمانگە و کۆلێژ ومەڵبەندەکانی فێربوونی هونەری موزیک و دەنگ و تەواوی جۆرەکانی تری لێکۆڵینەوە لەو هونەرەدا، سەرەرای بایەخدان بە منداڵان و نەوەی نوێ تاکو ئایندەیەکی گەش و بەهێز بنیات بنێین.

هەڵکەوت: چ کەموکوورییەک دەبینی لە ناوخۆی کوردستان و چۆن چارەسەر دەکرێن؟
وەڵام: ئەو کەموکوورپیانەی نەک تەنها لە ناوخۆی کوردستان بگرە ئەوانەی دەرەوەش بەشی زۆریان بۆ ژیانی موزیکی و فەرهەنگی میللەتی کورد بە گشتی و خودی هونەرمەندانی بوارەکە دەگەڕێتەوە. چارەسەریش پێویستی بە زەمەن و هەوڵی بەردەوام هەیە بە تایبەتیش هەوڵی زانستیانە بۆ هەموو بوارەکان.

هەڵکەوت: بۆچی تائێستا ستایلی موزیکی کوردی جیانەکراوەتەوە؟
وەڵام: رەنگە هەوڵدان و سەرەداوی درووستبوونی ستایل لێرە و لەوێ لە تەواوی کوردستاندا هەست پێبکرێت، بەڵام پێویستیان بە کارامەیی و شارەزاییی تەواو هەیە تاکو لە ئاییندەیەکی نزیکدا وەک دیارەدەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی ستایلەکانی ئەو بوارەش بۆ هەموو لایەک ببێتە کارێکی ئاسایی.

هەڵکەوت: دەنگی کێت لا پەسندە؟
وەڵام: هەموو ئەو دەنگانەی رێز لە توانای خۆیان و ئەو تۆنە مۆسیقیانە دەگرن کە لە چوارچێوەی میلۆدی و ریتمێکی جواندا یاری لەگەڵ هەستەوەرەکان و ناخی گوێگردا دەکەن. هەموو ئەو دەنگانەی میلۆدییەکانیان رێک بە باڵای وێنە شیعرییەکاندا دووراوە و هەست دەکەیت کارێکی هونەرییە نەک شەڕ فرۆشتنە بە شیعر و ئاواز و ژێکانی دەنگ و هەناسە.

هەڵکەوت: ئاستی زانستی گۆرانیبێژی کورد چۆن دەبینی؟
وەڵام: سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک گۆرانیبێژی هەست ناسک و خاوەن رۆشنبیری و هەست هونەری بەرزمان هەیە، بەڵام خۆزگە زۆربەیان زیاتر لە جیهانی موزیکژەن و گرووپە موزیکییەکاندا نزیک دەبوونەوە و قوڵتر سەرچاوەکانی مەعریفە و رۆشنبیری هونەرییان بەسەردەکردەوە.

هەڵکەوت دوا وتەت بە ریزتان، چییە؟
وەڵام: من زۆر سوپاستان دەکەم کە بەم جۆرە هونەرمەندان بەسەر دەکەنەوە و کێسە و گرفت و پێشنیار و داخوازییەکانی هونەرمەندان دەخەنە بەر دیدی جەماوەر، هیواداریین بەردەوامی بەو کارانەتان بدەن و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.